# چەند شیعرێکی ئۆژێن گیلڤیک (١٩٠٧-١٩٩٧)

لە فەڕەنسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر

**با**

باڵی باڵندە نەبوو
گەڵایەک بوو
شەقەقەی دەهات لەناو با
تەنیا
با نەبوو.

**پەپوولە**

من پەپوولەم
دەیگوت
ئاخر من گوڵ نیم

من بێزار دەبم
دەیگوت پەپوولە
کە گۆرانی ناچڕم

بەڵێ، ژیانم کورت دەبێ
دەیگوت پەپوولە
بەڵام چ ژیانێک!

لەگەڵ ئەم ڕەنگانەی ئەولا
دەیگوت پەپوولە
ناشێ هەرگیز کۆتایی بێ

**من و زەرافەکەم**

من، بەلامەوە گرینگ نییە
چی دەکەن

ئەسپێکم لە گیرفانە
ڕاستییەکەی زەرافەیەکە

ئینجا هەرچی منم
گەر بیانەوێ ببەن، هەچە دەی !

ئێمە دوورین
من و زەرافەکەم

ئەوانیش
هیچی لێ تێناگەن.

**وادانێ**

وادانێ دێم هەندێ ئاو
دەڕژێنمە ناو دەستەکانت و
پێت دەڵێم
لێگەڕێ بڕژێ



دڵۆپ دڵۆپ
بۆ ناو دەمم
وادانێ
ئەوە تاوێرە
لە دەرگامان دەدا
پێت دەڵێم
لێگەڕێ با بێتە ژووری
ئەگەر دێ و دەیەوێ زەمەنی
پێش زەمەنمان بۆ بگێڕێتەوە
وادانێ
فڕینی باڵندەیەک
داوەتمان دەکا بۆ سەفەر
منیش پێت دەڵێم
دەبا بە ناو تاری و ڕوونی
لەگەڵ خۆمان هەڵگرێ
وادانێ
کە لەبەر چاومان هەموو
بانەکانی شار دەبنەوە
منیش پێت دەڵێم و
دەڵێم ئەو ماڵە هەڵبژێرە
بانەکەی داخراوە
تۆ شەوت خۆش دەوێ
وادانێ
دەریا حەز دەکا
لە نزیکەوە بمانبینێ
منیش پێت دەڵێم
بڕۆ بۆی دووبارە بکەوە
ئێمە ناتوانین ڕێی لێ بگرین
بە تەنیا نەبێ
وادانێ
خۆر کە ئاوا دەبێ
زۆر ئاسوودەیە
منیش پێت دەڵێم و
بڕۆ داوای لێ بکە
نرخی ئەو ڕۆژە
شکۆمەندەی خۆی بدا.

**پشیلە**

١

پشیلە هیچ نازانێ
لەوەی
لەناو فەرهەنگان هەیە

ئەو دەزانێ کە شتێکی
کەمە.

٢

پشیلە دەڕوانێ
شاگەشکە بە ڕوانینی خۆی

٣

پشیلە
دوای ئەوەی لە نغرۆبوونی گەردوونی ڕزگاری بوو
خۆی دەشوا

٤

ئیتر وایە
چونکە ئەو
پشیلەیە
تەواو پشیلە.

**خۆر**

خۆر هەرگیز
لەناو خۆی نەبێ
شەو نابینێ

ئەو ڕەشاییەی فرێی دەدا
لە چوار دەورەی خۆی
دەبێتە ڕووناکی.

**دەشت، دۆڵەکان دوورتر**

دەشت، دۆڵەکان دوورتر
دارستانەکان، گوڵە بەیبوون
ڕێیەکان، لادێکان
گەنمەکان، سلقی سوور
خوێندنی قومری و کۆترەپەپوو
کۆترەباریکەکانی سەر کۆمەڵە درەختێک
کەوەکان، وێنجە
باریکە ڕێ درەختەکانی سەر ڕێ
شەغرە
ئاسۆ، هەموو ئەمانە
وەک قووڵایی ناو لەپ.

**دارستان**

من درەختێک نیم
بخرێمە سەر درەختێکی دی

کوندەپەپوو دەزانێ و
دووبارەی دەکاتەوە

ئەو کە دەنگی منە
باشترین لە دەنگەکانی منە

من بێدەنگیم
من گۆزەی بێدەنگیم

من بێدەنگیم
بێدەنگی دەسەپێنم

من هەروا بوومە و هەروا دەبم

هەزاران ساڵە.

**خاڵ**

لەوانەیە من چ نەبم جگە لە
بە یەک گەیشتنی دوو هێڵ

هیچم نییە

دەڵێن ڕۆیشتن لە خاڵێکەوە
گەیشتن پێی

هیچی لێ نازانم

بەڵام کێ دەمسڕێتەوە؟

**لاواندنەوە**

کە هەڵدەلەرزین
لە تەنیشت یەکتر لەناو دارستان
لە لێواری جۆگە

کاتێ کە جەستەمان
دەبووە هی خۆمان

کاتێ هەر یەکێک لە ئێمە
دەبووە خاوەنی ئەوی تر و
پێکەوە هەنگاومان دەنا

ئینجا ئەمە خۆ
گرمە و گەواڵەی بەهاریش بوو

بە ناو جەستەمان تێدەپەڕی
جەستەمان یەکتریان دەناسی.

**هونەری شیعر**

ئەگەر لم بڕژێنم
لە دەستی چەپم بۆ ناو لەپی ڕاستم

بێ گومان بۆ خۆشییە
ببینم بەرد بۆتە لم

هەروا بۆ ئەوەشە
جەستەیەک بدەینە زەمەن

بەم جۆرە بۆ ئەوەی هەست بە زەمەن بکەی
دەبێ بڕژێی، بچۆڕێیتەوە

هەروا دووبارە
بۆ گەڕانەوەی دواوەشە
خۆت ڕەت بکەیتەوە.

بە ڕژاندنی لم
شیعرێک دەنووسم دژی زەمەن.

**دیوارێک**

ئاسان نییە
دیوارێک بی
تەنیا
لە نێوان دوو ماڵ
ناوە ناوە
با، باڵندە
دیوار ناتوانێ بنووسێ
تەنیا بۆ ئاسمان نەبێ، بۆ چنار نەبێ،
بەڵام دەزانێ
باسی بناغەی خۆی بکا.

**خڕ**

کەواتە چیتر هەیە
خڕتر لە سێو؟

– کە تۆ دەڵێی خڕ
بەڕاستی خڕە کە تۆ مەبەستتە
بەڵام کەلا شووشە
لە سێو خڕترە

بەڵام کە تۆ دەڵێی خڕ
مەبەستت ئەوەیە بڵێی پڕ
پڕ لە خڕی
خڕی پڕ

کەواتە هیچی تر
لە سێو خڕتر نییە.

**ئاسایە**

ئاگر گەرمی دەدا، ئاساییە
شەپۆل دەگەڕێتەوە، ئاساییە
چڵ دەلەرێتەوە، ئاساییە
مرۆ گۆرانی دەڵێ، ئاساییە
بە کوێرەوەری خۆی هەڵدەڵێ، ئاساییە
ئینجا هیواشیان، ئاساییە
ئەمەش کوێرەوەرییە
کێ ئاسایی نییە.

**سەرچاوە:**
**Guillevic ("Étier", poèmes 1965-1975 - éd-itionsGallimard, 1979)**